# مافێکی ئافرەتی پێشێل کراو لای زۆر کەس لەگەڵ باسی ژن بەژنە

پـێغەمبەر صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا أراد الرجل أن یزوج ابنته فلیستأذنها ) السلسلة الصحیحة ١٢٠٦. واتە : ( ئەگەر پیاوێك ویستی کچەکەی بە شوو بـدا با پرسی پێ بکات و داوای ئیزنی لێ بکات ) ئەوە هەڵوێستی ئیسلامە بۆمان دەر ئەکـەوێ لـەو فەرمودە کە ئەوانەی بەزۆر وە بێ ئەوەی پرس بە کچەکانیان بکەن بە شـویان ئـەدەن ئـەوە سەرپێچی فـەرمانی پـێغەمبەر صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەکـەن و کارەکـەیان تاوانـەو ناشـیرینە . نـەوەك خەڵکانـێکی نەفام ئەمە لەسـەر ئیـسلام حیساب بکەن و تانە بەن لە ئیسلام . ئیسلام لە پێغەمبەرەوە وەر ئەگیرێ صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەویش زانیمان نەهی کردوە لەم کارە ئیتر سوپاس بۆ خوا کە ئیسلام دینێکی پاکەو کەس ناتوانێ بە بەڵگەی ڕاست تانە با لە ئیسلام .

وە پـێغەمبەری خـوا صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا شغار في الاسلام) رواه مسلم واتە : ( ژن بە ژنە نیە لە ئیسلام ) ئیتر ئەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرمـوێ ژن بە ژنە نیە لە ئیسلام . هەر کەسێکتان بینی ئەم کارە ئـەکاو نـاوی ئیسلامی لێ ئەنێ ئەوە بزانن درۆ ئەکاو بوختان بۆ ئیسلام ئەکا با هەر پلـەو پایەکیشی هەبێ ئیسلام لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وەر ئەگیرێ .

وەهــەروەها عبدالله ی کـوڕی عمر ڕەزای خوایان لە سـەربێ ئەفەرموێ : ( ان رسول الله صـــلی الله علـــیه وعلی اله وسلم نهی عن الشغار ) رواه مسلم واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نـەهی کرد لە ژن بەژنە ) .

ئیمامـی نـەوەوی ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ بۆ ئەم فەرمودانە لە شەرحی صحیحي مسلم باسـێکی نوسیوە ( باب تحریم نکاح الشغار وبطلانه ) واتە : ( باسی حەرامی ژن بـە ژنـەو بەتاڵـیەکەی ) ئیـنجا لـە شـەرحی ئەو فەرمودە ئەفەرموێ : (ژن بە ژنە لە نیکاحـی جاهیلـیەت بـوو _ واتـە لە پێش ئیسلام _ . وە زاناکان یەکدەنگن لەسـەر ئـەوەی کە ژن بە ژنە نەهـی لێ کراوە . بەڵام خیلاف کەوتۆتە بەینیان لە سەر ئەوەی ئایا ئـەو نەهـیە نـیکاحەکە باتـڵ ئـەکات یـان نا ؟ لای شافعی ئەم نەهیە بەتاڵی ئـەکات . وە خـەطـــابی ئەمـە لـە احمـد و اســحاق و ابی عبـید ئەگـێڕێتەوە _ کـە نەهیەکە بەتاڵی ئەکات _ ...) ئەوەی ئەیەوێ با بچێتە سەر شەرحی صحیح موسلم بە تەواوی شەرحەکەی ئیمام نەوەوی بخوێنێتەوە ڕەحمەتی خوا لەو زانا بەرێزانە بێ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیتر بۆ مان دەر كەوت كە بە هیچ شێوەیەك ژن بە ژنە لە ئیسلام نیە بەڵكو هی سەردەمی جاهیلی بوو لە دیني ابو جهل و ابو لهب بوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێكرد و ئیسلام بەتاڵی كردەوە . بەڵام بەداخەوە ئەو جەهالەتە لە ناو زۆر لە موسڵمانان هەیەو بە ئیسلامیشی ئەزانن داخی لەوەش گەورە تر كە كۆمەڵێك بەناو زانای ئاینی ئەم كارە بۆ خەڵك ئاسان ئەكەن و بە ناهەق فەتوایان بۆ ئەدەن بە تایبەتی لەو شوێنانەی خەڵكی خوێندەوار كەمەو شارەزاییان لە ئیسلام نیە . تا وای لێهاتووە گەورە بە بچوك و جاری واش هەیە كچ لە بێشكە بەشوو ئەدرێ پەنا بە خوا با ئەم جۆرە بەناو زانایانە بزانن ئەوەی ئەوان ئەیكەن لە پێغەمبەریان صلی الله علیه وعلی اله وسلم وەر نەگرتووە بەڵكو ئەوە لە دیني دوژمنەكانی پێغەمبەری خوا بوو صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئیتر ئەگەر ئەیانەوێ بن بە دوژمني پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەوا با بزانن خوا ڕیسوایان ئەكات لە دونیاو قیامەت ئەگەریش ئەیانەوێ با تەوبە بكەن و پەشیمان ببنەوە ئەوا خوا تەوبە وەر ئەگرێ لە هەموو كەس .

وە زانیشمان كە ژن بە ژنە لای ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ حەرامەو باتڵە واتە نیكاحەكە دانامەزرێ وەك زینا وایە ئەوەش درۆی ئەو بە ناو زانایانەمان بۆ ڕوون ئەكاتەوە كە ئەڵێن ئێمە لە سەر مەزهەبی شافیعین ڕەحمەتی خوای لە سەر بێ كەچی ژن بەژنە بە دروست ئەزانن و بۆ خەڵكی مارەبڕی ئەكەن !!!

**باوكی حارث**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com